# "له هه‌ڵه‌بجه تووڕه‌تر .. وته‌یه‌ك له‌مه‌ڕ بێدادی "

"شێرزاد حه‌سه‌ن "

" حیكمه‌ت له‌وه‌داینیه كه پادشا بیت .. حیكمه‌ت له‌وه‌دایه كه دادپه‌روه‌ر بیت ."شكسپیر

⋆ دۆزینـه‌وه‌ی زمـانێكی ئـه‌خلاقی و قـسه‌كردنت له‌سـه‌ر چاكه و خه‌راپه ، جوانی و ناشرینی ، خێر و شه‌ڕ ، نیشتمان پـه‌روه‌ری و خیانه‌ت ، ژیان و مه‌رگ و شه‌هید بوون ، هه‌ر بـه تـه‌نها مـوڵكی ژن و پیاوه‌كانی ناو دونیای سیاسه‌ت و ئـایین نییـه ، ئـاخۆ چـین ئه‌و پێوه‌ر و پرنـسیپانه‌ی كـه بتـوانین كۆمه‌ڵگه‌یـه‌كی پـاك و داد په‌روه‌ر و شه‌ره‌فاتمه‌ندی پێ بخوێنینه‌وه، چی وا ده‌كات كه ئێمـه حــوكمێكی ئــه‌خلاقی به‌ســه‌ر ژیــانی سیاســی و ئــابووری و كۆمه‌لأیه‌تی و فه‌رهه‌نگی خۆماندا بده‌ین ؟

خـودی ئـه‌و حوكمـه و دۆزینـه‌وه‌ی " مانـا " یـان لـۆژیكی وه‌هـا زمانێك كه زمـانی ئـه‌خلاقی پێـده‌وترێت بـه تـه‌نها مـوڵكی هـه‌ر هه‌موو چین و سیاسـه‌تكاران و ئایینپـه‌روه‌ران و خوێنـده‌واره‌كان یان هه‌ر هه‌موو چین و توێژه‌كانی ناو كۆمه‌ڵگه‌یه ؟ به واتا بـڕوا به بوونی وه‌ها زمانێك بكه‌ین كه قسه له‌سه‌ر سـته‌م و بێـدادی و ئـه‌خلاق ده‌كـات ، ده‌كرێـت زمـانی كۆمه‌ڵـه كه‌سێكی زۆر ڕه‌ش و

ڕووت و نەخوێندەوار بن ، زمانی کوچە و کۆڵانە فەرامۆشکراوەکان ، لە تەك زمانێکدا کە زمانی فیکر و شیکاری سەر دەستەیەکە لە خوێندەواران؟

لە دوای ڕاپەڕین- ەوە ، ساڵ لە دوای ساڵ ، قسە و باسی پتر لەمەڕ ستەم و بێدای دەکرێت ، قسە و باسێکە کە هەر هەمووومان تێیدا بەشدارین ، بە دەربرین و زمانی جیاوازەوە، لە هەر هەموو شوێنەکاندا ، لە ژووره داخراوەکانەوە تا سەر جادەکان، باس و خواسی هەموو کەسێکە چونکە جیاوازی چینایەتی و ئەو دیوارە بڵند و ئەستوورەی کەوتۆتە نێوان چینی سەرەوە و چینی خوارەوە تا دێت بڵندتر و ئەستوو تر دەبێت ، لە ژێر سایەی حکومی ( کورد بەسەر کورد) ەوە کۆمەڵگەیەك دروست بووە کە تیایدا شارنشین و گوند نشینەکان هەست دەکەن بێدادی و بێباکی و ستەم و زۆرداری لە هەموو تخووب و سنوور و ئاستێکی ئەخلاقی دەرچووە، لەولاوە ئاغاکانی سیاسەت و و دەسەڵاتدارانی کورد بانگەشەی دیموکراسی و سۆشیال دیموکرات و قوتابخانەی کوردایەتی دەکەن کە نەك ئێمە، بەڵکو خۆشیان باوەریان بەم پەرچەمانە نەماوە، لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەردوو زل حیزبەکە لەسەر

کۆنترۆڵکردنی بازاری کوردی پێشبرکێیانه،  بێ دوودڵی و ترس گەر کۆگا و ڕێستۆرانت و پارکێك قازانجی زۆری هەبێت ، هی ئەو هەموو سیاسەتبازە کوردانەیە کە بەر لە راپەرین جگە لە رەختە و فیشەکدان هیچیان نەبووە، ئەو هەموو سالأنە تێپەڕین و ئەو هەموو هەڵبژاردنە کرا ، نەمانزانی قاسەکانیان چەندی تێدایە و لە کوێوە پر دەبن وچۆن خەرج دەکرێن ، هەڵبەتە تا بە ڕۆژی ئەمڕۆ دەگات کلیلی قاسەکان لای خۆیانە، دوو ئیمپراتۆرییەتی دارایی زل و زەبەللاح و ترسناك ، زۆر زەحمەتە لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی و حیزبەکان و ژمارەیەکی زۆریش لە بنکردایەتی هەژارێك بدۆزیتەوە، چ سیحر و هێز و تەماعێکی دەسەلأتە کە وایکردووە شۆڕشگێرانی دوێنێ  ببنە سەرمایەدارانی ئەمڕۆ کە جگە لە خۆیان کەسێکی دیکە نەبینن ، ئەو ویژدانە کەی و لە کوێ و چۆن مرد ؟ گومانکردن لە بوونی وەها ویژدانێك ، لەمڕۆکەدا ، زۆر ڕەوایە ، ئاخر بەدەیەها گەرەکی هەژار نشین و برسی هەبن و کەچی ئەوان لە کەڵەکەکردنی سەرمایەدا پاڵەوانی بازاری کوردی بن .. ئاخۆ باس لە کام مروەت و ویژدانێك بکەین ؟ چی وا دەکات ئەو هەموو خۆپەرست و سوودمەند و بەرژەوەندیخوازە کوێرە لەو

پازده ساڵەدا پەیدا ببن و زاو و زێ بکەن ؟ جگە لە خۆیان سامان و پارە و پوولیان ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، زاو و زێ بکات ، چی وایکرد شەرم لە بوونی باڵەخانە و ڤێللا و کۆشك و تەلار و ئاپارتمان و کۆگا و زۆر زەبەندییەکانیان نەکەن ؟ چی وا دەکات کە قازانج و سەرمایە ببێتە داوای یەکەمی ئەو شۆڕشگێرانەی کە دوێینێ و ئەمڕۆکەش بانگەشە دەکەن کە هەژاران و ڕەنجدەران هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشن ، ئەی ئەو خەڵکە کێن کە کۆشك و تەلارە هەرە بڵندەکانیان کەلاوە شان شکاوەکانی هەژارانیان کرد بە ژێرەوە ؟ سەرکردەکانی کورد تا ئەمڕۆکەش حاشا لەوە دەکەن کە بستێك زەوی و دۆلارێك حیسابیان لە بانقەکانی ناوەوەو دەرەوە هەبێت ، گوایە هێشتا پێشمەرگەن ، بەلأم ئاخۆ چونەتە ناو خەڵك و پرسیویانە چەند کەس بروا بەم قسەیە دەکات ، دواجار ئەوانەی کە دەست و پێوەندی ئێوەن و گوایە چاو و گوێی ئێوەن لەناو خەڵکی ، ئەو حەقیقەتەتان بۆ دەگوێزینەوە کە خەڵکی سوعبەت و مەزاق بەم قسانەوە دەکەن و دەیەها نوکتەی لەسەر دروست کراوە کە لەم نوسینەی مندا بوار نییە ئەو هەموو نوکتەیە بنووسمەوە؟ کەس بروا بەوە ناکات سەرکردەکانی کورد ئەو هەموو گەندەڵی و دزی و فزییە

نەبینن کە خۆتان و هەندێ لە یاوەرەکانتـان دانـی پێـدا دەنـێن ، ئـەو هـەموو سیاسـەتبازەی دەورتـان کـە بـێ حـساب و ئەنـدازە دەوڵەمەند بـوون، کەچی ئێوە خـامۆش و بێـدەنگ دانیـشتوون، گەر لە ئەدەبیاتی سیاسی ( یەکێتی) جار و بار باسی پاکسازی و چاکــسازی دەکرێــت ، ئــەوە لــەلای ( پــارتی) بــە دەگمــەن دەیخوێنێتەوە، یان هەر تـەواو خامۆشـە ، دواجار هـەموو لایـەك لەمەر ئەم حەکایەتی بازار و قازانـج و سـەرمایە کەڵەکـەکردن و ململانێ دژوارەدا قسە و باسی هەیە، کەچی دەسەڵاتدارانی کـورد خۆیان لێ نەبان و بێگوناه دەکەن ، ئەوەیان چ مانایـەکی هەیـە جگــە لــە بــرەودان بــە بێــدادی و نایەکــسانی ، کەواتــە کــێ بەرپرسـیارە لـە زینـدەگی ئـەو خەڵکـە برسـی و هـەژارە زۆرە و لەولاوە مـوڵکی خـەڵك و خـواش هـی چـەند کەسێکە کـە ئەگـەر هێــز و دەســتەڵاتی سیاســی نەبووایــە ، نــەدەبوون بــەو سەرمایەدارانەی کـە دار و بـەردی ئـەم وڵاتـەیان قـۆرغ کـردووە؟ ئەوەیان بە چی پاساو و دەدرێتەوە؟ لەوە دەچێت سـەرکردەکانی حیزب ، بە تایبەتی هی پـارتی و یـەکێتی، نەیانـەوێت کـەس لـە خۆیــان بــڕەنجێنن، نــە لــە نــاو ســەرکردایەتی و نــە لــە نــاو بنکردایـەتی ، ئـاخر لابردنـی دوو قائیمقـام و یـەك دوو ئەنـدام

مەڵبەند و لق هیچ لەم واقیعە ناشرینە ناگۆڕێت ، ئەوە کێیە کە تـا هەنووکـە کێـشە و گرفتـەکانی منـداڵان و ژنـان و پـیر و پەککەوتەکان و گەنجان و ژینگـە و بێکاران و بەشمەینەتـەکان و چارەنووسی ئەو خەڵکە بە خەمی خۆی نازانێت و سـەرگەرمی ئاشـتکردنەوەی شـیعە و سـوونەیە لـە بەغـدا ؟ گوایـە ئـەوەیان سیاسەتێکی حەکیمیانەیە و لە بەرژەوەندی چارەنووسـی کـوردە، لـە کاتێکـدا کـەس نییـە نـەزانێت کـە ئەگـەر عـەرەبی شـیعە و سـوونە کەڵبـە و ددانـی هـەبێت ، یەکـەمین جەسـتە ، جەسـتەی کوردە کە لەت و پـەتی بکات ، یەکگرتنـەوەی هـەردوو لەتەکـەی کوردستانی باشووریش وەستاوە لەسەر ڕێکەوتنێك لە بەغـدا ، چ حەکایـەتێکی دوور و درێـژ و ناشـرینە، چـونکە یەکگرتنـەوەی هەردوو حیزبەکە بەو مەرجە دەبێت کە دەستکاری ئـەو بازاڕ و سـەرمایەیە نـەکرێت کـە زیـان لـە بەرژەوەنـدی سیاسـەتبازە بازرگانـەکان دەدات ، حـوکمی بـازار و کـۆنترۆڵ کردنـی سەرچـاوەکانی سـەرمایەگوزاری و قـازانج پەرسـتی گومـانێکی گەورە دەخاتـە سـەر فەرمانڕەوایەتییـەکی ئینـسانی و ئـەخلاقی دەسـەڵاتدارانی کـورد، گـەورەترین مـەرج بـۆ سـەرکردە و حوکمڕانی خەڵکانێك و وڵاتێك و بگرە میر و کوێخای گوندێك و

چەند کەسانێك ئەوەیە کە چارەنووسی ئەو ڕەشە خەڵکە بە چارەنووسی خۆی بزانێت و ئەو هەموو یاسا و ڕێسا و پرنسیپانە ڕەچاو بکات کە کۆمەڵگەیەکی پاك و تەمیز و یەکسان و شەرافەتمەند دروست بکات ، کەسەکانی ناوی لەدادپەروەری و خێر و خۆشی بەهرەمەند بن ، کۆمەڵگەیەك دابمەزرێت کە ستەم و زۆرداری و بێ مافی و بێدادی نەبێتە بەشێکی گەورەی ژیان ، کۆمەڵگایەك کە هەمیشە لە خەونی وەدیهێنانی یەکسانی دا بێت ، لە نێوان مرۆڤەکاندا ، لە نێوان نێر و مێ ، هەق و مافەکانی منالٚ و پیر و پەککەوتە تیایدا فەراهەم بێت ، بەلاٚم گەر فەزلٚ و خێر و سوودی کۆمەلٚە کەسێکت پێش خست ، ئەو ڕێ و ڕەسمانەت ڕەچاو کرد کە خێر و خۆشی کۆمەڵە کەسانێکت بە هەند هەلگرت و لەبەرامبەردا بە ملیۆنەها فەراموٚش بکەیت ، یەکەمین شت ئەوەیە کە گومان لە خۆت و حوکمەتەکەت بکەیت کە ئەوەیان جۆرێکە لە هەستیاری سیاسی کە لەلای سەرکردە و دەسەلاٚتدارانی ئێمەدا تەواو لاوازە، کێن ئەوانەی کە پەردە پۆشی ئەو هەموو ناشرینیە دەکەن ؟ بۆچی دەبێ کەس نەمابێت لە کوردستاندا هەست بەو بێدادی و ستەمە کۆمەلاٚیەتییە نەکات و کەچی

سەرکردایەتی کوردی پێی نەزانیبێت ، ئەو پەردە پۆشکردنە هی کەسانی نزیك بە سەرکردەکانی کوردە یاخود خۆیان ئامادە نین هیچ ببینن و ببیستن ؟ تاکەی لەو گەمەیە بەردەوام دەبن کە لە ئاکامدا ، درەنگ و زوو خۆیان و ئێمەش دەدۆڕێنن ؟ سەرسامبوون بە زۆر بوونی ژمارەی ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکان لەمرۆکەدا هی ئەوە نییە کەس فریوی پێبخوات، دەنگدانیش لەمرۆکەدا وەڵامێکە بە نەگەڕانەوەی حوکمی عەرەب و ڕق و ترسێکی کۆنە لەو ڕژێمانەی کە هیچ خێرێکیان لێ چاوەڕێ ناکرێت ، زۆربەی قۆناغەکانی دەنگدانیش بە مژدە و بەڵێنی زۆر تێپەڕین ، کەچی خەڵکی مایە پووچ دەرچوو ، کە هەمووشمان دەزانین گەمەی هەڵبژاردن کەوتۆتە نێوان بەرداشی ترس و هەڕەشە ، ترس و هەڕەشە لە گەرانەوەی حوکمێك هاوشێوەی حوکمی بەعس ، کە دیارە ئەگەر بەناوی مەزهەبەوە بێ زۆر ترسناکترە ، لەولاوە فریوخواردن بە مژدە و بەڵێنەکان و سەرباری جۆرێك لە لاساییکردنەوە.

هەر وەختێك سەرکردەکان و دەسەڵاتدارانی کورد توانییان سادە ببنەوە و بێنەوە ناو خەڵکی ، تێدەگەن کە تا چ ئاستێك خەڵکی لەو ستەم و بێدادی و بێ مافییە بێزارە ، هەموو ستەمێك

دەرهەق بە خەڵكی دەرئەنجامەكەی ستەمە دەرهەق بە خۆیان و هەموو حـوكمێكی وەها ملهورانـە بـە كارەسات و خـوێن كۆتـایی دێت ، نزیكترینیان كارەساتەكەی (2006/3/16) هەڵەبجـە- یـە كە لە وێدا بێدادی گەیشتۆتە چڵەپۆپە.

كەواتە پرنـسیپەكانی دادپـەروەری پرنـسیپی كۆمەڵـە كەسانێكی زۆر عـەقلاَنی و وژیـرن ، كـە كۆمەڵگـە بـۆ ڕێكـەوت و قـەدەر و پشێوی بەجێ ناهێڵن ، هەمیشە وردەكار و چاودێرن و لـە شوێن و زەمانی گونجاوی خۆیدا چارەسەری گرفتەكانی ستەم و بێدادی دەكـەن ، بـەر لـە بـەرپابوونی كارەسات فریا دەكـەون ، سازدانی كۆمەڵگەیـەكی یەكـسان و دیمـوكرات وادەكـات كـە مانایـەك بـۆ هەڵگەرانەوەی شـێوازێكی مـەدەنی وەربگرێـت ، دیـارە فـەرامۆش كردنی خەڵكی بۆ چـەندەها ساڵ و زینـدەگی پـر لـە نـەبوونی و سـتەم و نایەكـسانی كۆمەڵایـەتی وادەكـات یـاخیبوون و هەڵگەرانـەوە ببێتـە پـرۆژە ، ئەوەشـیان جـۆرە گوزارشـت و كردەیەكی سیاسیە ، كەچی لای ئێمە پێیدەوترێت ئـاژاوەگێری و گێرەشێوێنی، ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویـدا ئاماژەیەكـە بـەوەی كـە بێـدادی هەیـە ، زۆرینـە دەیـەوێت حـسابی بـۆ بكرێـت و ڕەتكردنـەوەی هـەموو ئـەو پرەنـسیپانە و ڕەوشـتەیە كـە

بەرژەوەنـدی کەمینەیـەك دەخاتـە پـێش بەرژەوەنـدی زۆرینـە، لـەوەدا کـە زۆرینــە هەسـتی بێـدادی و نایەکـسانی لـەلا قـوولتر دەبێتەوە، ئەوەشیان ڕۆحی خەڵك و نەتەوە لەت و پەت دەکات ، بــە جۆرێــك کــە زۆرینــە دەکــات بــە دوژمنــی خوێنخــۆری کەمینەیەکی تێر و تەسەل لە دەسـەڵاتداران ، دیـارە کـە زۆرینـە بێبەشــە لــە هــەموو خێــر و خۆشــییەك ، کــە دیــارە ئەگــەر دەســەڵاتدارانێك وەهـا ئاسـان پـشتیان لـە دروشمـەکانی شـۆڕش نەکردایە ، ئەم دۆخە ڕووی نەدەدا.

هەڵگەرانەوەی خەڵکی لە ژێر ناوی خۆپیشاندانـدا بێت یان سکاڵا و گلـەیی سـەرجادە و نـاو پـاس و تاکـسی و دەزگاکـان و ماڵـەکان بێت ، هەر هەمووی گومان کردنە لە دۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایـەتی کـە ڕووی لـە بۆگـەن بوونـە، تـا ئێـستا دۆخـی زیندەگی مرۆڤ کـورد پیـسترین دۆخـی بۆگـەن بـوونی ڕامیـاری و ئـابووری و کۆمـەڵایـەتی و ئـەخلاقی خـۆی دەژی ، بـەکارهێنانی بــەردەوامی وشــەی ( گەنــدەڵی ) ئاماژەیەکــە بــەو دۆخــە زۆر ناشرینە ، کارەساتی هەڵەبجـەش زەنگێکـی ناقۆڵایـە کـە بیـەوێت دەسەڵاتدارانی کورد ئاگـادار بکاتـەوە کـە کـەمترین ئیلتزامانـات و بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەر بەو ڕەشە خەڵکە نەگەیاندە جێ ،

سەیریش نییە کە ئەم هەڵگەرانەوە و یاخیبوونە ناووناونیـشانی جیاوازی هەبێ: لاسـاری ، سەرکێـشی و ملنـەدان ، کەللـە شـەقی ، یـاخیبوون ، هەڵگەرانـەوە، ئـاژاوە ، گێرەشـێوێنی ، ..هتـد ، ئـەو هەموو ناوونیشانانە و لەوەش پتر ، هەر کەس و لایەنێك بیلێـت مەبەسـتدارە و نیـاز و مـەرامی جیـاوازی لـە پـشتەوەیە، گەرچـی لـەم خۆپیـشاندانە خوێنـدەوار و نەخوێنـدەوار بەشـدار بـوون ، هەمیـشە دەسـەڵاتدار و سیاسـەتی کـورد ئامادەیـە ئـەم جـۆرە ناڕەزایەتییانــە ناشــرین بکــات ، خــۆ دەکرێــت لــە کوردســتان چەندین کەس و لایەن هەبێت بیانـەوێت یاخیبوونەکـە ناشـرین بکەن ( چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە) بگاتە ئەوەی مۆنیومێنت و مەزارەکـەش بـسوتێنن، کـە ژمـارە زۆرەکـەی دژی ئـەم ڕەفتـارە قـسەی خـۆی هـەبوو ، بـەڵام دواجـار گونـاهی ئـەم حیکایەتـە تراژیدییــە و بــە یەکــدادانی خوێنــاوی دەکەوێتــە ئەســتۆی حـوکمرانی کـورد ، قەناعـەتی هەڵەبجەییـەکان و خـەڵکێکی زۆر ئەوەیە کە حیزبەکان بازرگانی بە هەڵەبجـەوە دەکـەن و بووەتـە قاسـە و دەغیلــە ، هــەموو( 3/16) یــەك پــتر برینــەکانیان دەکولێننەوە، بەرپرسە سیاسـەتبازەکان بـەمۆنیکا و دوا مـۆدێلی ماشین دەچنە هەڵەبجە کە هێشتا بۆنی کیمیا بارانەکـەی لێـدێت

، وەها بێباك و خەمساردن وەك ئەوە چوو بێتنە زەماوەند، هەڵەبجەیەك كە منداڵەكانیان لە زستاندا ( زەرفی عەلاگە) لە پێ و پلیان وەدەرپێچن تاوەكو لە زستاندا لە قوڕ و لیتەی شەختەبەند نوقم نەبن ، ئەوان تووڕەن لەوەی وەك نموونەیەكی تراژیك و كارەسات فلاشی كامێراكانی ڕۆژنامەنووسەكان به شەوارەیان بخات و تەواو، ئەوان دەپرسن لەو (15) ساڵەی ڕابردوو چیكراوە بۆ كەمكردنەوەی زەخمی قووڵی كارەساتەكان ؟ خۆ خەڵكی بە تەنیا لەسەر مژدە و بەڵێنەكان ناژین ، ئەی شار و شارۆچكە و گوندەكانی دیكەش چی بكەن ؟ ناكرێت هەر هەموویان بەدوای (3/16) ی خۆیاندا بگەڕێن تاوەكو ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و ببنە جێی باس و خواستی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ؟! هەرچی ڕوویدا دەرئەنجامێكە بۆ نەمانی كەمترین مەرجەكانی دادپەروەری و یەكسانی . مەسەلەكانی دیموكراسی و دەستوور و پەرلەمان و خۆ ونكردن لەناو تیۆرە سیاسییەكاندا دادی خەڵكی نادەن ، ئەوخەڵكە بێزار و وەڕس و توورەیە، نان و ئاو و كارەبا و جادەی بێ تاسە و قوتابخانە و خەستەخانەی دەوێت ، كەمێك لەو ناز و نیعمەتەی ناو كۆشك و تەلاری دەستەلاتدارانی كورد بۆ ئەوانیش ڕەوایە ، لاوانەوە و گەرانەوە

بــۆ رابــردوو، ستایــشی ڕۆژانــی ســەروەری شــاخ و ژمــاردنی شــەهیدەکان هــیچ لــە ژیــان و زینــدەگی ئــەو خەڵکــە برســی و ماندووە ناگۆڕێت ، سیاسەتی کوردی وایکرد زیندووەکان بەغیلی بە ( عومەری خاوەر ) ببەن، کارکردەی سیاسەت و حیزبەکان ئەوەیە کە خۆیان سەربەست و خۆشبەخت بن، بەڵام خۆ دەبێت بارتەقای ئەوە هەوڵبدەن خەڵکی ژێر حوکمرانی خۆیان تامی سەربەستی و خۆشگوزەرانی بکەن، سەربەستی و خۆشگوزەرانی لەت ناکرێت، هەق و مافێکی خواهانە نییە دەسەڵاتداران و سەرکردەکان لێی بەهرەمەند بن و ڕەشە خەڵکەکەش بێبەش لە هەموو مافێك ، سەربەستی و یەکسانی هەقێکە بۆ هەمووان، تێر بوون و پۆشتەو پەرداخ بوون و ماڵی گەرم و سفرەی چەور هەقێکی یەکسانە ئەی پیاوە هۆشیار و سەرمەستەکانی وڵات ، وەك ( سەمەدی بەهرەنگی) دەفەرموویت –(( ئەگەر نان هەیە.. با بۆ هەمووان بێت .. گەر نان نییە.. مەرجە هەمووان وەك یەك برسیمان بێت ..!))

پەیوەندی خەڵکی بەدام و دەزگاکانی وڵات پەیوەندییەکە کە ئەرکەکان و مافەکانیان ڕێك دەخات، خەڵکی چاوەڕێن بزانن ئەرکەکانیان چییە و لە پاش جێبەجێ کردن چ مافێکیان بۆ

مەیسەر دەبێت، بەلایەنی کەم مافە زۆرسادە و سروشتیەکان، چونکە خۆ بەستنەوە بە پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری ڕێکەوتنێکی گریمانەییە هەتا گەر لەسەر کاغەزیش نوسرابێتەوە و لەناو بەندەکانی دەستوریشدا هەبن، گرنگ فەراهەمکردن و سەلماندنی ئەو ماف و یەکسانی و دادپەروەرییەیە، نەك کۆمەڵێك مژدە و بەڵێن ، بەواتا بە پراکتیك کردنی ئەو بەندانەیە کە خەڵکی لەسەری ڕێکەوتوون، هەموو جارێك ئەو خەڵکە ناگەڕێتەوە ناو بەندەکانی ئەو ( ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتی) یە ، خەڵکەکە بەو پێنج هەستەی کە هەیەتی تێدەگات گەر بیدادی و نا یەکسانی هەبێت، دەزانێت کە مافە سروشتی و سەرەکییەکانی پارێزراون یان نا ، ئاخۆ ئەوان بەهرەمەندن لەو ئازادییەی کە هەمووان بانگەشەی بۆدەکەن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن، خەڵکی چاوەڕێیە لە دۆخی ( بوون) و(مانەوە) بپەڕێتەوە بۆ دۆخی ( مێژوو) و ( زیندەگی) یەکی ڕاستەقینە، حیزبە کوردییەکان بەر لە هەڵبژاردن خەڵك بەوە دەترسێنن کە ئەگەر دەنگ نەدەن ، ئەوە ( هەڵەبجە) و ( ئەنفال) و ( ڕەوە) دەکە دووبارە دەبنەوە، ئەوەیان گەمەی هەرەشەکردنە لە ( بوون) و ترساندنی خەڵکە لە ( نەمان)،

بـەلاَم كـاری سیاسـەت مـژدە و بەلێنـە بـە زینـدەگی و ئاینـدە و ژیـانێکی خۆشـگوزەران، بـە واتـا لـە دۆخـی ( سروشـت) ەوە بمانگوێزێتەوە ناو ( مێژوو) یەك کە دەجولێت و گەشـە دەکات، هەلگەرانەوەی هەلەبجە و شوێنەکانی دیکە سەرەتایەکە بۆ قایـل نەبوونی خەلکی بە دۆخـی ( سروشـت) و ( بـوون) ، زۆر سـادە و بـەزمانی خـاکی خۆیـان دەیانـەوێت بیانگوێزینـەوە نـاو زیندەگییـەکی جـوانتر لـەناو ( مێـژوو) دا ، گەرەکیانـە خـاوەن هەمان ماف و هەق بن کە دەسەلاَتداران لێـی بەهرەمەنـدن، گـەر نا .. ئەوە خەلکی بە گومان دەبن لە هەموو هاوپەیمانێتیـەك لـە تەك حیزبەکاندا و پەشیمان دەبنەوە و دلیان کرمێ دەبێ ، سـال دوای سال ژمارەی ئەوانەی دەچنە بەردەمی سندوقی هەلبـژاردن کەمتر دەبنەوە، ناشکرێت تەنها بۆ هەلبژاردن کۆیان بکەیتەوە و وەکی تر لە ترسی تابووری پێنجەم نەهێلێت ڕێپێوانێـك بکرێـت و جۆرەها شـێوەی نـارەزایی دیکـە هەیـە کـە ڕێـی لـێ دەگیرێـت ، ئـەوە مانـای مانـەوەی خەلکـە لـەو دۆخـە خـراپ و ئـەو ژیانـە ناهـەموارەدا بـێ ئـەوەی چارەسـەری هـەبێت ، گەمـەی تـرس و هەڕەشەش ناتوانێت هەتا هەتایـە خـەلکی بێـدەنگ بکـات ، نـەك کلاشـینکۆف ، گـەر حیزبـەکان فرۆکەشـیان هـەبێت داد نـادات ،

بەتایبەتی کە ئەوان چارەسەر و ئەندێشەیەکیان نەبێت سەبارەت بەماف و دادپەروەری و یەکسانی وئازادی و خۆشگوزەرانی ، ئاسانترین ئیشێك کە دەیکەن گرتنی چەند قوتابی و کاسبکارێکە،کەواتە دەسەلاٌتدارانی حکومەت و حیزب ( کە هەردووکیان هەر هەمان کارەکتەرن) خۆ دەشارنەوە لە حەقیقەتێکی تالٌ ، دەسەلاٌتداری کوردی وای دەنوێنێت کە بە کارەساتەکانیان نەزانیوە، بۆ چارەسەری ئەو هەموو ستەم و بێدادییە هەر ئەوەندەیان پیٚ کراوە، ئەوەیان پەردە پۆشکردن و خنکاندنی هەموو هاوار و داوایەکە لەناو گەرووی خەلٌکیدا تا ساتەوەختی تەقینەوە و توند و تیژی، پرسیاری خەلٌکی ئێستاکە ئەوە نییە کە سەرکردایەتی حیزبەکان نایزانن، بەلٌکو گەیشتونەتە ئەو حەقیقەتەی کە دەیزانن و کەچی خۆیان لیٚ نەبان دەکەن، هاوار و داواکان پشت گویٚ دەخەن، هیچ ڕێزێکیان نەماوە بۆ خودی زیندەگی و گوزەرانی ناهەمواری خەلٌکی ، هەتا لەدوای کوشتنی ( کوردە) و برینداربوونی (11) کەس لە هەلٌەبجە هەردوو سەرکردە ( مام جەلال ) و ( کاك مەسعود) زەحمەتی ئەوەیان نەکێشا بێنە سەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕستەیەك لە مەڕ ئەو کارەساتە بلٌێن، گەر لە ( نەجەف) بووایە،

لەوانەیـە جیـاواز بووایـە، ململانێـی سیاسـی لـە نێـوان بەغـدا و هەولێر و سلێمانی وای کـردووە ئـەو هـەموو فرمێـسك و خوێنـە نـەبینین ، بێجگـە لـە سـیحری هێـز و دەسـەلاَت، جـوانی هێـز و دەسەلاَت تەنها لەوەدایە کـە چاوی پادشـا و سـەرکردە و ئاغاکـان هەر هەموو ئەو کەسانە ببینن کە کەوتونەتـە دامێنـی عـەرش و تەختی حوکمیان، ئەوانە کۆمەڵێك مرۆڤن( منداڵ و ژن و پیر و یەککەوتـەیان) تێدایـە کـە وەکـو ئێـوە هـەقی نـان و هەناسـە و ئـــازادی خۆشـــبەختیان هەیـــە، دەیـــەها مەســـئولی سیاســـی سـامانەکەیان بـایی ملیۆنەهایـە، هـەر هـەمووی میراتـی بـاوك و باپیران نیە، سروشت پێیانی نەبەخشیوە، خوداش بـە سـەبەتە و زەمبیـل بۆیـانی هەڵنەداوەتـە خـوارێ، کـەس نازانێـت کامەیـە موڵکی دەوڵەت و کامەیە موڵکی حیزب.

بـەر لـە هـەموو شـتێك ئـەم دوو حیزبـە دەسـەلاَتدارە، هـەر لەسەرەتاوە، ئەو خـەڵك و خاکـەیان دوو لـەت و سـێ لـەت کـرد، شەری نێوان حیزبەکان بوو کـە وایکـرد هەڵەبجـە و هـەورامان و خورماڵ بکەونە ژێر دەستی باڵـە ئیـسلامییەکان، دەسـەلاَتدارانی یەکێتی کە پاساوی فەرامۆشکردنی هەڵەبجە دەهێننەوە و دەڵـێن هەمووی دوو ساڵە هاتۆتـەوە ژێـر دەسـتەلاَتی خۆمـان، عـوزر لـە

قەباحـەت گـەورەترە، چـونکە شـەری یـەکێتی و پـارتی و لاواز بوونی ئەو دوو حیزبە بوو وایکرد کـە هەڵەبجـە و دەور و بـەری ببێتە پارووپەکی ئاسان و بچێتە قورگی ( ئەنسار)، ئەوەیان هەر گوناهی ئەو دووحیزبـە بـوو کـە سیحری دەسـەڵات و هێـز بـووە مایـەی بەیەکـدادانی خوێنـاوی، وەك ئـەوەی کوردسـتان پارچـە کێکێك بێت و دوولەتی بکەن.

لـە پـشت هـەر سیاسـەتێکی داد پەروەرانـە و دەسـتوورێکی مـرۆڤ پەروەرەوە کۆمەڵێك بریار و سیاسی و کارمەنـدی دەوڵـەتی پـاك و ڕەوشـت بـەرز وەسـتاوە، ئـەخلاقی چـاودێری کردنـی داد و بێـدادی، یەکـسانی و جوداکـاری، کەبەداخـەوە لـە کوردسـتان تـا ئەمڕۆکە، سـەرزارەکی و لـە دروشمەکانـدا هـەن، بـەڵام نەهاتۆتـە نـاو پەیونـدی نێـوان دەسـەڵاتی سیاسـی و جـەماوەر، هـەتا گـەر سـبەی ڕۆژێ دەسـتورێکیش هـەبێت و بەنـدەکانی بـاس لـە دادپەروەری و یەکسانی بکات، مانـای ئـەوە نیـە کۆمـەڵێك یاسـای چـەوت و چـەوێل و دزی و فـزی بنـەبڕ دەبـن گـەر کۆمەڵـە سیاسـەتکارێکی ئینـسان دۆسـت چـاودێر نـەبن، هـەتا سـتەم و نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی سنووری هەیـە و ناکرێـت لـەو سنوورە تێپەڕێت کە ئیدی مرۆڤ بەرگـەی نـەگرێت و بـە راستـی

نــەزانێت و گاڵتــە بــە ژیــان و بــوون و چــارەنووس بکرێــت، حەکایەتی ( هەڵەبجـە) هەڵگەڕانەوەیەکـە دژی تێپەڕانـدنی ئـەو سـنووره سـووره، دیموکراسـی ئـازادی قەڵـەو بـوون نییـە لەسـەر حسابی لاوازی خەڵکی دیکە، بەڵکو بوارێکە بۆ بەرامبەرەکەشت بپرسێت: تۆ بـە چی و چۆن قەڵـەو بوویت و بۆ مـن هـەروەکو خـۆم لاوازم؟ دیموکراسـی بـێ زەمینـە ئەخلاقییەکـەی مایـەی چەوسـانەوەیە، لـە ژێـر سیـستەمی دیموکراسـیدا بـەر لـەوەی دەسەڵاتداران دادگایی خەڵکی بکەن، خەڵکی بۆیان هەیە دادگایی ئەوان بکەن، دیموکراسی هەبوایە، دەبوایە لە (3/16) دەیـەها دەسـەڵاتدار دەسـتیان لـەکار بکێشایەتەوە، ئـەوەی لـە کوردسـتان بـەڕێوە دەچـێت جۆرێکـە لـە حـوکمی کەڵـەگایی، لـە سیـستمی دیموکراسـیدا کــە سـتەم و بێـدادی پــەرەی ســەند، ئەوســا هەڵگەڕانــەوەی مــەدەنی ڕەوایــە، نــەمانی حیکمــەتی سیاسـی و هەســتەوەری مــرۆڤ پــەروەری لای دەســەڵاتدارانی کــورد تراژیـدیاکانی نـاو شـەقامی کوردی پـتر دەکات، ئـەو یاخیبوونـە داوای خەڵکـە و دوانـدنی ویـژدان و هەسـتەوەری ئەخلاقییـە، گشتیـشە و مەرجـە کـە تونـد و تیـژی و بەیەکـدادانی خوێنـاوی تێنەکـەوێت، گەرچـی دەسـەڵاتداران خـۆ پیـشاندەرەکان تاوانبـار

دەکـەن، بـەڵاَم ئـەو چـاوانەی لـەوێ بـوون شـایەتی ئـەوە دەدەن پشێوییەکە هی هێزی ئاسایش بوو، هەقە بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەتەڵـە خـەڵکی دادەوەر و بـێ لایـەن هـەبن، نـەك دەسـەڵاَتداری سیاسی کە داخدارە و توورەیە، مەرجە ڕەچاوی ئـەوەش بکرێـت کە ئەمجارەیان هەر گرتن و بردن و ئازاردانێکی خـەڵکی دەبێتـە مایەی ڕقێکی گەورەتر، ئەمجارەیان تاوانباری یەکـەم دەسـەڵاَت و سیاسەتی کوردییە، سیاسەتی حەکیمانە ئەوەیـە هـەموو دەرگـا و پەنجەرەکان بە ڕووی ڕەخنە و داواکارییەکان بکەنەوە، هەڵبەتـە هەڵگەڕانـەوەی هەڵەبجـە گـەورەتر دەبـوو گـەر قوتابیـانی زانکـۆ چاکتر خۆیـان ئامـادە بکردایـە، چـونکە هـەر بـەهۆی سـووتاندنی مەزارەکە و مۆنیومێنتەکە دەسەڵاَتداران بڕوبیانوویـان کەوتۆتـە دەست و هەموو مەسەلەکانی دیکەیان فەرامۆش کـردوو، ئـەوەش وادەکات خۆیان لە هەمو گوناهەکان بدزنەوە، پتر جەخت لەسەر گوزارشتی( دەستی ناحەزان و تابووری پێنجەم ..هتد) بکەنـەوە، خودی ئەو ڕاوەدوونان و گرتن و هەرەشەی سزا و لە سێدارەدانە جگـە لـە هیـستریا هیـچی دیکـەی نییـە، هەڵبەتـە یـاخیبوون و تورەبوونێکی وەها لە هەڵەبجە، گەرچی هـەر فۆرمێـك لـە خـۆی بگرێت لە دواندنی دەسەڵاَت، گوزارشتێکی پـر لـە نـاڕەزایی بـوو،

هەتا گەر لە گەوهەر ڕووکاردا تاوانبارکردنی دەسەڵاتی کوردی بێت لەوەی کە کەمتەرخەم و بێباکە دەرهەق بە ژیان و چارەنووسی خەڵکی، بەڵام دەسەڵاتداران تاسەر ئێسقان بریندار دەکات و راستەوخۆ لە ( نەرجەسییەت) و خودویستی و خود پەرستی سیاسەتی کوردی دەدات کە دیارە هێشتا زۆری ماوە سەرکردەکانی کورد و سیاسەتکارانی کورد واز لەو (نەرجەسییەت) ە بێنن کە پەیوەندی هەیە بە جۆری پەروەردەکردنی ئێمە لە دونیای سیاسەتدا کە هەمیشە دەسەلات وا دەکات قەبارەی خۆمان گەورەتر ببینین لەوەی کە هەیە، دەسەلات لێرە و هەنووکە بووەتە دیاری و سیحرو بەخشیشێکی خواهانە کە کەس بۆی نییە لەکەداری بکات، دەسەلاتداری کورد و سیاسەتی کوردی و بگرە خودی حیزب، لێرە و هەنووکە، جەستەی خۆی لەوە جوانتر و گەورەتر و پیرۆز تر دەبینێت کە جەستەی خەڵکی( عەوام و ڕەشۆکی) لە بەرامبەریدا بوەستێت بڵێت : تۆ ناشرین و چکۆلە و قێزەونیت، ئەوەی کە دەسەلاتدار دەیخوات و خواردوویەتی بە هەقی خۆی دەزانێت، خەڵکی ژێر دەستە بۆی نییە فەرمانڕەوا( کە سێبەری خودایە لەسەر زەوی) دادگایی بکات لەسەر کوشتن و برینی ئەو ڕەشە خەڵکە، لەسەر

برسی کردن و ڕووت و ڕەجاڵ کردنیان، دەسـەلاٚتدار نازانێـت کـە بـەکار هێنـانی هێـز بـۆ دەمکـوتکردنی ئـەو خەڵکـە بـە تـەنها ماوەیــەك بــر دەکــات، داواکــان هــەروەکو خۆیــان دەمێننــەوە، دواخستنی درکاندنیان مانای کۆتـایی کارەساتەکان نییـە، تـاوەکو هەڵگەرانەوەیــەکی وەك ئــەوەی هەڵەبجــە دووبــارە نەبێتــەوە، مەرجی یەکەم ئەوەیە کـە هـەموو کەناڵـەکانی ڕاگەیاندنـەکانتان بــە ڕووی داوا و هــاواری خــەڵکی بکەنــەوە، واز لــە ئۆفیــسە خاوێنــەکانتان بێــنن و وەرنــە نــاو خــەڵکی، لــە بــالکۆنی کۆشکەکانتانەوە سەرێك بەسـەر کەلاوەکانـدا خـوار بکەنـەوە، لـە ماشێنەکانتان دابەزن و کۆلاٚنـە قوراوییـەکان تـەی بکـەن، واز لـە خوانی چەوری خۆتان بێنن و وەرنە سـەر خـوانی بێوەژنـەکان و هـەتیوەکان و سـواڵکەران و هـەژارانی وڵات، ئـازادی ئێـوە لـەوەدا دەبێت کە لێبگەڕێن خەڵکی بە ئازادی بیر بکەنـەوە و نەترسـن، ترساندنی خەڵکی ترساندنی خۆتانـە و تۆقینـە لـە داوای گـۆڕان، هاو-وڵاتی بوون بە تەنها ناسنامە و هەنـدێك دۆکیومێنـت نییـە، بەڵکو بەهرەمەند بوونی خەڵکە لە مافە سروشتییەکانی خۆیـان وەکــو یەکــدی، بەخــشینی هــەل و بــواری یەکــسانە لەبــەردەم تواناکـانی خـەڵك، هەڵگەرانـەوەی ئـەو خەڵکـە ڕەوایـە یـان نـا ؟

پرسیارێکە و هەر کەسە و لە دید و بۆچوون و بەرژەوەندی و پاشخانی سیاسی و فیکری و ئەخلاقی خۆیەوە تێی دەڕوانێت، مەرج نییە وەڵامەکان لە یەکدی بچن، هەرگیز واش نابێت، تێگەیشتن لەو کارەساتەی کە ڕوویدا زەحمەت نییە، گەر خۆمان فریو نەدەین و درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، گەر لەوە بترسین کە باری ئاسایش شار و شارۆچکەکان نەشێوێت، توند و تیژی و هەڵگەڕانەوە بەرپا نەبێت، گەر یاخیبوونی مەدەنی ببێتە مایەی شەڕ و شۆڕ و خوێن ڕشتن، مەرجە دەسەڵاتدارانی کورد زەمان و زەمینەیەکی دادپەروەری و یەکسانی بخوڵقێنن، ئەوان بەرپرسن لەوەی کە ڕوویدا، گەر بۆ هەڵگەڕانەوەیەك دووچاری هیستریا بن، لەمەودوا ڕۆژگارمان لە هیستریا بەتاڵ نابێت، ئەوان بەرپرسیارن لە وەڵامدانەوە بە داوا و هاوارەکان، دەنا وەکیتر زنجیرەی کارەساتەکان درێژەی دەبێت، نەهامەتی ئەوەیە وڵاتێك پێویستی بە پاڵەوان بێت لەوە بەڵاتر نەبوونی ئەوە پاڵەوانەیە.